# دووەمین کتێبی لێکۆڵینەوەی پێشەوا کاکەیی لە بارەی شیعری (بەختیار عەلی)ـیەوە، چاپ و بڵاو کرایەوە.

**- کتێبی: خەسڕی دەنگ و گوتاری ناوەوە**
لە کتێبی (**ئەی بەندەری دەست، ئەی کەشتی دوژمن**)ـی بەختیار عەلیدا، لە لایەن (ناوەندی هۆشنبیریی هەڵەبجە)ـوە، لە دووتوێی (۱۹۲) لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە.
- ئەم کتێبە، دووەمین کتێبی لێکۆڵینەوە و گوتار و خوێندنەوەی شیعریین بە شێوازی (ڕەخنەی شیعری ترپەیی) و (شیعری ڕوانین و شیعری ڕەچوون) کە هەر تیەری پێشەوا کاکەیین، لە کتێبی (خەیاڵی کاژفڕەدان)ـا، دیوە شاراوەکانی شیعری بەختیار عەلی پێ خوێندراوەتەوە.
- کورتەیەک لە پێشکیی «دەروازەیەک بە شیعری بەختیارناسیی»ـیەوە بەختیار عەلی لە دنیای شیعری هاوچەرخدا ڕووناکییەکە کە دەتوانم ناوی «شاعیری هۆشیاری، شاعیری عەقڵی، شاعیری ئەزەلی، شاعیری سەرەدی، شاعیری ڕەحی، شاعیری شاری، شاعیری خەیاڵبەر و خەیاڵبە، شاعیری زمانی بیر، شاعیری گەردوونی و جیهانی و...» دەیان ناسناوی دیکەی پێ بدەم کە لە خودی شیعرەکانەوە خەیان دەرهاویشتووە، نەک ئەوەی من خەیاڵپڵاوانە و هاکەزایی پێی بدەم. تەنیا لە چوارچێوەی ئەم کتێبەیدا ئەم دەروازەیە بە شیعری بەختیارناسی باس دەکەم و نیشانەگەلێکی وەکوو زمانی شیعری، ڕەحی شیعری، بیری شیعری، خەیاڵی شیعری، کەتوار و گەڕانەوەی شیعریی شاعیر و چەندان دیدی تر کە لە شیعرەکانیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە خوێندنەوەی شیعر وادا دەکەم تا لەرەوە بگەڕێتەوە بە کەی کارەکانی و بنچینەیەکی دەست بکەوێت، یانژی کەکەڵەی خوێندنەوەی شیعر و تەوانینی بە شیعر بگەڕێت. جا چ ڕەخنە بێت، چ هەڵوەشاندنەوە و چ بونیادنانەوەیەکی تر، گرنگ ئەوەیە شتێک بخاتە سەر ئەم.
من لە ڕەی شیعرەوە بەختیار عەلیم ناسی، نەک ئەو بناسم و شیعری بخوێنمەوە، بۆیە هۆشیارە، چونکە هۆشیاری لەگەڵ سەردەمەکاندا درێژ دەبێتەوە و گرژی لای خوێنەر دروست دەکات و هەرگیز خەی بە دەستەوە نادات. وەک ڕووبار دەڕوات و دەپێقێت نەک لە گەمەکدا خەی مەنگ

بکات. لە سەردەمکدا بیر لە شیعر دەکاتەوە کە شیعر نقورچکی لە دەگیرێت و لە هەموو لایەکەوە لێی دەدرێت، هەر لە سەرمایەداری و تەکنەلۆژیاوە بۆ دژەکان کە سەنگەریان لە گرتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا شیعرەکانی شەوازی خەیانیان هەیە کە نەمریی شیعر لە «ئەزەلیبوون و سەرمەدیبوون»ـــدا دەدەزێتەوە. ئەزەلیبـــوون لای شـاعیر، بـــوونی بە سەرتا یان هەبوونی هەمیشەیی لە ابوردووداید. لە شیعرەکانیدا ئاماژە بە شتێک یـان بـوونەوەرێک دەکـات کە هەرگیـز دەسـتی پە نەکردووە و هەمیشە هەبووە. لە فەلسەفە و ئایینەکاندا ئەم چەمکە زەر جار بە ستاییشکردنی خودا یان هەزێکی باڵا بە کار دێت. بەختیار لە شیعردا بەرەو دوو دنیای جیاواز و مەژوو و گرژیمان دەبـات کە تێیدا ئـارام بـبینەوە. ئەزەلـی، هیـچ کـات دەسـتی پە نەکردووە، چونکە هەمیشە نەگەڵ بووە و هەبووە و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی تەپەبوونی کاتەوە. لەوسەریشەوە کە گرژییەکەمان بە تەواو دەکـات، شیعرمـان بە دەخـاتە سـەر بەردەوامبـوون و بە هەتاهەتایە سەرنجمان بە دەخێک یان شتێک یان گوتارێک ادەکەشێت کە هەرگیز کۆتایی نایێت و بە هەمیشە بەردەوام دەبێت، ئەویش شیعرە. بەیە شاعیر مژدەی سەرمەدیبوون لە شیعریدا دەخاتە ووە، چونکە بە شەویەکی بەردەوام و بە دابڕان درێژە بە قووناییی شیعر دەدات کە شیعر لە ناوەوە جیهان پەلکەش دەکات بە ناو خۆی و دەتە دەرەوە و هەناسە بە ووی هەموو جیهاندا دەدات.